کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-8-2007 16:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

24 -8-2007- سوید

**بەرهەمی ڕێککەوتن نامەی چوارقۆلی، ئەبێت چی بێت؟!!. نەجمەدین شێخ بزێنی**

دیاره ئەم ڕێککەوتن نامەیە، وەک لەڕاگەیاندنەکەدا بەدەر کەوت بەناوی ڕێککەوتن نامەی چوار قۆڵیەوەیە، بەڵام لەڕاستیدا، لەناوەڕۆکدا ڕێککەوتنی نیوان شیعەو کوردە، لەسنوری دەوڵەتی ئێراقی بەناو فیدرالیدا! چونکەکوردهەرکوردەو، شیعەش هەرشیعەیە، باجیاوازی ڕێکخستن و بیرو بۆچونیشیان تێدا هەبێ!. بەهەرحاڵ، مەبەستی ئێمە لەسەر ڕێککەوتن نامەکەیە. ئاشکرایە بەمانای ووشە، هەمو ڕێککەوتنێک پیرۆزە، بەڵام بەداخەوە، وائەبینین لەم ڕۆژانەدالەئێراق، نەک هەر ڕژێمی دیکتاتوریەت لەبار چووە، بەڵکو شیرازەی هەمو هەڵوێستێکی ئیداری و ڕامیاریش

(سیاسی) لەبارچووە!! باس لە ڕژێم ئەکەی نەدیکتاتۆرییەتەو نەدیموکراتیەتە!. باس لەیاساو ، پەیمانبەستن ئەکەی، تەنها لایەنی کوردی نەبێت، نەکەس پابەندی یاسایەو، نەکەسێش خاوەن پەیمان و بەڵێنی خۆیەتی!! بەڵگەی زیندوش لەبەر چاوە، ئەوە هەڵوێستی کەسایەتیە سیاسیە بەرزەکانیان دیارە، لەبەرانبەر کوردو، یاسای دەستوریدا، هەر لە دوکتۆر ئەیاد عەلاویەوە، هەتاکو ئەگاتە بەڕێز دوکتۆر نوری مالکی، کەلەکاتی تەنگانەو پێویستیدا چۆنن بەرامبەر بەکوردو مافە ڕە واکانی و، لەدواییشدا، مل کەچی بەندەکانی یاسا دەستوریەکەش نابن، کەخۆیان ڕێکیان خستوەو دەنگیان بۆ داوە!! ئیتر ئەبێت کورد بەچی دڵخۆش بکات و متمانە بەڕێککەوتن نامە بدات لەگەڵ لایەنی عەرەبی بەهەمو چین و توێژەکانیانەوە، ئەگەر سونەو، ئەگەر شیعەش! چونکە تەنها بۆ بەرژەوەندی تاکی خۆیان بەتایبەتی و عروبە بەگشتی، ئەیانەوێ لەسەرحسابی کورد، لەسەرکردایەتی سیاسی کورد نزیک ببنەوە!! بۆ نمونە ئەم ڕێککەوتن نامەیەی ئێستاش، هەربۆ ڕزگارکردنی حکومەتەکەی مالکیە، لەهەڵوەشانەوە! دیارە لەبەرانبەریشدا مالکیش هەندێ بەڵێنی دڵخۆشکەری بەکورد داوە!! بەڵام گومانەکە لێرەدا دروست ئەبێت، ئەوبەڵێنانەی ئەدرێ لەلایەن چی وەکوشیعە وەیاحکومەت، هەر لەسنوری دەستوردایەو هیچی ناکەوێتە خانەی بێ بنە مایەوە، کەچی لەدووای حکومەتەکەی عەلاوی، زیاتر بەپاڵ پشتی لێکردنی کورد، دوحکومەتی خاوەن دەسەڵاتی زۆرینەی شیعە هاتۆتە سەرکارو، ئێستاش والەسەر کارەو، بێگومان هەردەم ئەوبەڵێنانەشیان داوە! بەڵام کام بەڵێنیان بەجێ گەیاندوە، چ لەبواری سەرچاوە سروشتیەکان و چ لەبواری مادەی 140 لەووشە زیاتر؟!! ئیتر خۆ ئەگەر پێشا لەسەر ئاستی بەرەی شیعی بەگشتی بڕیارەکان وەرئەگیران، بەڵام ئەمجارەیان ئەوەاش نیە، هەندێ باڵی شیعی لێ جیابۆتەوە! ئیتر بەڵێنەکانی ئەمجارەیان ئەبێت چ بەرهەمێک بداتە دەستەوە؟! لەکاتێکدا هەمان لایەنو هەمان دەسەڵاتە، کە بەڵێنەکانی پێشوی داوە، سەرەڕای ئەوەش کەتوشی نەخۆشی لەرزۆکییش بووە، لەجاران زیاتریش ئەترسێ!! ئیتر ئەبێت هەڵوێستی کورد چۆن بێت؟ هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد، هەمو ڕێککەوتنێک پیرۆزەو، هیچ ڕێککەوتنێکیش بەبێ بەرژەوەندی دولایەنە نایێتە ئاراوە! ئەگەر لایەنی شیعە ئەم هەنگاوەیان ناوە بۆمەبەستێک، کوردیش بێگومان مەبەستی خۆی بووە! کەوابو برامان برای و کیسەمان جیایی. بەڵام کورد ئەبێت دەرسی لەبەڵێنەکانی ڕابوردویان وەرگرتبێت! بۆیێ نابێت سەیری ڕوو زمانیان بکات، بەڵکو ئەبێت تەنها سەیری کردەوە بکات! چاوەڕوانی ئەوەنەکات حکومەتەکەی مالکی لەلەرزۆکی ڕزگار بکات تاکو بتوانێت، بەڵێنە یاساییەکانی بەجێ بگەیێنێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەبێت پێشا مالکی بەڵێنەکانی بەجێ بێنێت، تاکو متمانەی کوردی کە هێزی سەرەکیە بۆ ڕزگار کردنی لە لەرزۆکی و هەڵوەشانەوە. چونکە هەمولایەنێک ئەزانێت و بڕوای بەوە هەیە کە کورد لەمل ملانێکاندا خاوەنی بەڵێنی خۆیەتی، کەوابو لایەنی شیعی کەخاوەن بڕیاریشن ئەبێت دەست پێشخەری لە بەڵێنەکانیاندا بکەن. بەڵام

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لایەنی کوردیش هەندێ هەڵوێست وەرگرتنی تایبەتی هەیە کە زیاتر ئەبێت بەهاندەر بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە لەپاڵ پشتی کردنی دەوڵەت بۆ خێراڕاپەڕاندن و دەم کوتکردنی نەیاران، نابێت لەیادبکرێت و پشت گوێ بخرێ، چونکە بەدەرلەدکیومێنتیە مێژویەکان و دەیان بەڵگە نامەی شایەتی دانی مێژوویی مێژوناسانی بێگانە! هەر هەوڵدانی بەعەرەب کردنی شارەکە جوانترین بەڵگەنامەی بن بەستە بۆ سەلماندنی کوردستانی بونی کەرکوک، کەچی ئەمجار بەبێ شەرمانە دوژمنانو نەیارانی کوردستان نکۆڵی لێ ئەکەن!! کەوابو ئەی کێ ئەڵێت، دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان ئارەزوی گەڕانەوە ئەکەن بۆ باوشی حکومەتی کوردستان؟! بۆیێ پێویستە پێشان هانی دانیشتونی ناوچە دابڕاوەکان بدرێ بادەست بکەن بەڕێ پێوانی ئاشتی خوازانەو، دروشمەکانی داواکاری گەڕانەوە بۆ باوشی هەرێمی کوردستان بەرزبکەنەوە! بەهەمان شێوە لەشارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، کەمەترسی کاری تیرۆریستی لێ ناکرێت، بۆ پاڵپشتی لێکردنیان ڕێپێوان وخۆپیشاندان ساز بکرێ. بەشێوازێکی شارستانیانە. ئەوکات سەرکردایەتی سیاسی کوردیش ئەتوانێ زیاتر پێ دابگرێت لە خێرا بە پێشەوە چونی پڕۆژەکەو، زوتریش هەڵوێستی بەرانبەرەکەی بۆ دەر ئەکەوێت و ڕونە بێتەوە. دیارە تاوەکو ئەوکاتەش کەس نازانێت ئەنجامی ئەم ڕێککەوتن نامەیە بەکوێ ئەگات و بەرهەمەکەی ئەبێت چۆن بێت!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.